## یەكگرتوو. . . بڕیارێكی بەسوود. . مەریوان نەقشبەندی



ئەگەر بڕیاری یەكگرتوی (ئیسلامی) كوردستان بەكشانەوەی لە هاوپەیمانیەتی حزبە كوردستانیەكان تاكتیكی نەبێت، ئەوا دەكرێت بەهەنگاوێكی ناوخۆیی ئیجابی لەقەڵەم بدرێت و رەنگە كاریگەرییەكی باشی بۆ رێكخستنەوەی ناوماڵی كورد و باشتركردنی كارەخزمەتگوزارییەكانی حكومەتی كوردستان هەبێت، چونكە:

*بەشداریكردنی یەكگرتوو بە لیستێكی جیاواز دەبێتەهۆی زیاتر چاودێریكردنی پرۆسەی هەڵبژاردن و رادەی تەزویر و ساختەكاری لەپرۆسەكەدا، ئەگەر كەمتریش نەبێتەوە ئەوا جەماوەری كوردستانی لێئاگادار دەبێت.

*ئەگەر لەهەڵبژاردنی چاوەڕوانكراوی كوردستاندا (یەكگرتو) هەمان سیناریۆی (كۆمەڵی ئیسلامی) لەهەڵبژاردنەكانی پێشودا دوبارەبكاتەوە، ئەوا ژمارەی كورسیەكانی حزبە (ئیسلامییەكان) لەناو پەرلەمانی تازەدا زیاتر دەبێت بەمەرجێك پارتی و یەكێتی هەمان (ئیمتیازی پەرلەمانی) یەكگرتوو، بە (كۆمەڵ) بدەن.

*هەریەكە لە پارتی و یەكێتی قەبارە و قورسایی خۆیان و ئیشوكاری خۆیان لەناو جەماوەردا بۆ روون دەبێتەوە و هەڵسەنگاندنێكیان بۆ ئەم 12 ساڵەی حوكمرانی خۆیان، دەست دەكەوێت.

*بەدەر لە ئەگەری (تەنسیق) ێكی دوقۆڵی لەنێوان كۆمەڵ و یەكگرتوو، هەلێكی باش بۆ یەكگرتووی (ئیسلامی) دەرەخسێت تا قورسایی و قەبارەی خۆی بۆ دەربكەوێت.
*جیابوونەوەی یەكگرتووی (ئیسلامی) لە لیستی هاوپەیمانیەتی حزبە كوردستانیەكان، قەبارەی ئیسلامی سیاسیمان لەكوردستاندا بۆ دەردەخات، چونكە پێشتر قەبارەی كۆمەڵی (ئیسلامی) مان بۆ دەركەوت و دەكرێت دوای دەرچوونی ئەنجامەكان، هەر حزب و لایەنێك بەقەدەر قورسایی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا بكرێت و ئەوكاتەش نە یەكگرتووی (ئیسلامی) و نە هیچ حزبێكی ئیسلامی دیكە گلەیی فەرامۆشكرنی ناكات.

*لاچونی یەكگرتووی (ئیسلامی) لە لیستی هاوپەیمانیەتی كوردستان، پشتگیریی زیاتری نێودەوڵەتی بۆ كێشەی كورد و لیستی كورد لە هەڵبژاردنەكانی عێراقدا دروست دەكات و رەنگە ئەنجامی هەڵبژاردنەكان لەگەڵ لەدەستتدانی حزبێكی ناو هاوپەیمانیەتی كوردستان، پێچەوانە بێت و بەسوودی كورد تەواو بێت، ئەگەر وەهاش دەرنەچوو ئەوا دەبی چاوخشاندنەوە بە هەڵوێست و تێڕوانین بەرامبەر سەنگ و قورسایی حزبە ئیسلامیەكان بكرێت.

Mariwan_na@yahoo. com